ئەم بابەتە لە شاری هەولێر لە بەرواری 11-02-2014 لە لایەن مامۆستا(محمدرافع) گووتراوەتەوە، و دۆست و قوتابییانی مامۆستا هەڵساون بە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی.

**ئایا ڕاستە پێغەمبەرمان هەژار و دەست کورت بووە؟ دابەزاندنی قیرائە بۆ سەر وشەکانی خاوەن چەمکی قیرائە. لە تەمەنی نۆ ساڵی عائیشەی دایکی ئیماندارن**

**(نیشان) کراوە نەك بە بووكێنی گواستراوەتەوە.**

**بنچینەی فیکری قیرائە چییە؟ ئەو مرۆڤانەی کارو پیشە سەرقاڵیان ناکات لە خودا و (ذکر)ی خودای ڕەحمان، قیرائەکردنە مرۆڤەکان دەگەیەنێتە ئاستی پێویست و شایەنی مرۆڤبوون،**

**عومەر**(ڕەزای خودای لێبێت) **لەکوێ لۆ کوێ؟ دەرچووی قوتابخانەی (اقرأ) مووچە بۆ هەموو منداڵێك دەبڕێتەوە. ئایا ژنهێنانەکانی پێغەمبەر بۆ فرەژنی(التعدد) بووە یان جۆراوجۆری (التنوع)لە پسپۆڕی ئافرەتەکان؟**

**ئافرەتێك بۆ زەحمەتترین قۆناغ لە ژیانی پێغەمبەر**(علیه السلام و البرکات)

**کاتێك خێزانەکەی ڕۆڵی دایکێك دەبینێ بۆ پێغەمبەر**(علیه السلام و البرکات)

**کۆمەڵکوژی خەیبەر دروستکراوە و بوونی نییە، لەسەرەتای هاتنە نێو بازنەی ئایین و ئیمان پەرستشەکان چۆن ئەنجام دەدرێن؟ هۆکاری بوونی ڕێژەیی لە بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی بۆ ئەم ئایینە چییە؟**

**خێراترین و بەهێزترین و سەرکەوتووترین و ئاسانترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە خودای ڕەحمان چییە؟ گرنگترین پرسیار ئەوەیە مرۆڤ لەخۆی بکات: ئایا پێویستیم بە خودای خالقم هەیە؟ ئایا قیرائەکردن مرۆڤ دەگەیەنێتە دانایی؟ زەمینەی هزر و بیرمان چۆن داڕێژراوە هەڵەیە یان ڕاستە؟**

**بە چ چاوێك بڕوانیتە کەسی رسول الله**(علیه السلام و البرکات) **هەر بەم جۆرە دەیبینیت**

**لەبەرئەوەیە دەبێت تێڕوانینت دروست بێت**

**دۆزینەوەی ئەو ئامێرانەی بە بەخشش خودای ڕەحمان**

**لە ناوەوەی مرۆڤەکانی داناوەو بە ئیشخستنی**

## ئایا ڕاستە پێغەمبەرمان هەژار و دەست کورت بووە؟

لە وانەکانی پێشوو بە وردی باسی قیرائەمان کردووە لە ڕەهەندەکانی فەلسەفی و ڕەهەندی واقیعی مێژوویی، و هەرجارێك بە شێوازێك تیشکمان خستۆتە سەر بابەتی قیرائە، تەنانەت باسی شارستانییەتی فیکری قیرائەمان کردووە، ئەوەمان خستۆتەڕوو ئەگەر هاتوو ئوممەتی ئیسلامی ئەمڕۆ ئەگەر بێتوو پێیان بکرێت ئەو ڕێسایە تێگەیشتنکارییانەی(التفهیمیة) کە قیرائە لەسەر بینابووە، چ ئەگەر پێیان بکرێت و بتوانن

دایبەزێننە سەر ئەرزی واقیع، ئەوا کردەییانە ئوممەتی ئیسلامی یان ئەوەی ناوی لێنراوە ئوممەتی ئیسلامی بەچ جۆرێك مرۆڤێکی شارستان و ژیاریی لێ دەردەچێت.

## دابەزاندنی قیرائە بۆ سەر وشەکانی خاوەن چەمکی قیرائە

لێرە دەمانەوێ باسی ئەوە بکەین ئەگەر بێتوو ئێمە قیرائە دابەزێنینە سەر خودی خاوەن چەمکی قیرائە، واتە قیرائە دابەزێنینە سەر وشەکانی ئەو زاتە، و بزانین ئایا کردەییانە بە قیرائەکردنی وشەکانی ئەو، چەمکەکان دەگۆڕێن یان ناگۆڕێن؟ ئایا هەست بە لایەنی ئەرێنی و ڕاستەقینەیی و ڕاست و دروست لە وشەکانی دەگەین؟ ئەگەر هەندێ بابەت ڕوون بکەینەوە لۆ خۆشەویستان کەوا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) چۆن ستەمی لێ دەکرێت، و غەدر و ناپاکی دەرهەق دەکرێت، ئەگەر هاتوو فەرموودە کە بەم تێڕوانین(وجهة النظر)ەی وەرگیراوە، هەر بەم تێڕوانینەش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، و پشتی پێ ببەسترێت، کاتێك چووینە عەمرە پانۆڕامایەکیان دروست کردبوو، لەوێ ماڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)یان دروستکردبوو و مزگەوتیان دروستکردبوو، هەروەها جێگەی غەزای بەدریشیان دروستکردبوو، بەم بۆنەیەوە بێگومان پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ماڵی نەبووە، بەڵکو ماڵی خێزانەکانی بووە، یەکەم جار کاتێك تەشریفی دەگاتە شاری مەدینە ماڵی سەودە بینا دەکات، چونکە سەودەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، و دووەمین خێزانی بوو، لەدوای دایکی ئیمانداران خەدیجە خواستی، گووتمان هۆکاری خواستنەکەشی ئەوەبوو کە هاوڕێ و دەستەخوشکی خەدیجە بوو، بەر لە هاوسەریگیرییەکەی دەستەخوشکی خەدیجە بووە، لە دوای هاوسەرگیرییەکەشی پەیوەندییەکەیان بەهێزتربووە، ئینجا کە گەیشتە شاری مەدینە، یەکەم ماڵ لۆوی بیناکرد، و دووەم ماڵیش لۆ دایکی ئیمانداران عائیشەی بیناکرد، ئەوەی سەرنجی دابێت لەم پانۆڕاما و لەم سکێچە ماڵی عائیشەیان دروستکردبوو، لەسەریشیان نووسیبوو، تەمەنی عائیشە نۆ ساڵ بووە، جا چۆن بیسەلمێنین کەوا نۆ ساڵە؟ ئەگەر هاتوو من کچم هەبێت تەمەنی نۆ ساڵان بێت، و پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) تەشریفی هات و گووتی ئەو کچەم بدێ دەیکەمە خێزانی خۆم، ئایا کردەییانە من ئامادەییم هەیە کچی خۆمی بدەمێ؟ لە وەڵامدا نەخێر، چونکە بە هیچ نەریت و یاسایەك و بەهیچ ئایینێك کچێکی نۆ ساڵی ناگوازرێتەوە! ئەی باشە چۆن ئەبوبەکری صدیق کچی خۆی کە نۆ ساڵییە داوەتە پێغەمبەرمان؟ ئەگەر هاتوو هزر و فیکری قیرائە دابەزێنینە سەر ئەو فەرموودەیە دەبینین مەسەلەکە بەم جۆرە نییە، ئەی چۆنە؟

1- ناوبڕی نێوان ماوەی تەمەنی ئەسماء و نێوان تەمەنی عائیشە توێژینەوەی لەسەر بکەین.

واتە ئەو کاتەی کە ئەسماء مێردی کردبوو و دووگیان بوو لە ساتی وەردەرنان (إخراج)ی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، کەواتە ئەسماء گەورە بوو، مێردی کردبوو، دووگیانیش بوو، لەبەرئەمەش پێغەمبەرمان ئەوی هەڵبژارد لۆ ئەوەی خواردن و هەواڵی ناو شاری مەککەیان لۆ بگوازێتەوە لۆ ئەشکەوتی سەور، لەم جێگەیەی کە خۆیان تێیدا حەشار دابوو، ئەو کاتە عائیشە تەمەنی نۆ ساڵ بوو، بەر لە ناردنی بە پێغەمبەرایەتی (قبل البِعْثَة)، واتە بەر لە بوونی بە پێغەمبەر عائیشە هەبووە، ماوەی (البِعْثَة)ی پێغەمبەرایەتی وەك زانایان دابەشیان کردووە لۆ سێ ماوە، ماوەی یەکەم کە ناویان ناوە ماوەی نهێنی، لۆ زانین پێغەمبەرمان هیچ کاتێك بانگەوازەکەی بە ماوەی نهێنی تێنەپەڕیوە، پێغەمبەرمان کە پێغەمبەرایەتی لۆ هات جاڕی پێغەمبەرایەتی خۆی دا، بانگەوازەکەشی نهێنی نەبوو، ئەی لەبەرچی ئەو ناوەی لێنراوە ماوەی نهێنی؟ کەس نازانێت، هەر ئەو پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ە بووە لەدوای بە پێغەمبەرناردنی(البِعْثَة) بەچەند ڕۆژێك لەناو (بیت) باسی ئایینی دەکرد لۆ خەڵکی، لۆ زانین دەڵێن سێ ساڵ، ئەگەر کردەییانە لە ماوەی ئەو سێ ساڵە ئەو هەموو ئازارەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دراوە لە ماوەی ئەو سێ ساڵە

نەبووبێت چ کاتێك بووە؟ لۆ زانین کۆی سیرەخوانان دەڵێن کە پێغەمبەرمان، یان بە پێغەمبەرناردن(البِعْثَة)ی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات)، یان ئایینی ئیسلام بە ماوەی نهێنی داچووە بۆ ماوەی سێ ساڵ، دەپرسین ئەگەر پێغەمبەرمان نهێنی نەبووبێ و ئاشکرابووبێت، کە خۆی خاوەنی بیرەکەیە، خۆی خاوەنی ئایینەکەیە، نهێنی لە کوێ دەبێت؟ لەبەرئەوەیە کەوا فیکرەی قیڕائە دابەزاندن لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانمان زۆر پێویستە.

## لە تەمەنی نۆ ساڵی عائیشەی دایکی ئیماندارن

## (نیشان) کراوە نەك بە بووکێنی گواستراوەتەوە

کاتێك کە عائیشە تەمەنی نۆ ساڵە کە پێغەمبەر دێت ئاماژەدەداتە ئەبو بەکر کە باوکی عائیشە بوو، کە لە دوارۆژ ئەو کچە ڕۆڵی دەبێت لە ژیانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لە نۆ ساڵی ئاماژەی داوە نەك لە نۆ ساڵە گواستبێتییەوە! ڕۆڵێکی دیاری دەبێت لە ناو ئەو ئایینە، و دەبێتە کۆڵەگەیەکی پتەو لەناو ئەو ئایینە، و (13) ساڵ لە مەککە بوو، ئەگەر هەژماری بکەیت لەوێ نۆ ساڵ و دواتریش (13) ساڵ بخەیتە سەری، کۆی دەکاتە (22) ساڵ، واتە تەمەنی عائیشە (22) ساڵ بووە و هێشتا کۆچی نەکردووە و لە شاری مەککە ماوە، ئەی چۆن دەگووترێت نۆ ساڵ! بەڵی ئەم ژمارەیە هەیە، چونکە پێغەمبەرمان لە نۆ ساڵی ئاماژەی دا کە ئەو کچە لە دوارۆژ ڕۆڵی دەبێ لە ژیانی پێغەمبەر، واتە لە نۆ ساڵی ئاماژەیەکی داوە، نەك لە نۆ ساڵی گواستوویەتییەوە! وەك لە ئایەت باسی هجرەتی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) دەکات، ئینجا پاشان بە ماوەیەك ئەندامانی خێزانەکەی ئەبوبەکر(ڕەزای خودای لێبێت) ئەوان دەردەچن لە مەککە، تەنانەت (ئەبو قوحافە) کە باوکی (ئەبو بەکر)ە گفتوگۆیەکی زۆری دەبێت لەگەڵ ئەسماء و عائیشەی کچەکانی پێشەوا ئەبو بەکر، تاکو (ئەبو قوحافە) دەڵێت گوێم لێبووە باوکتان کۆچی کردووە؟ ئایا چی لۆ جێهێشتوون؟ لۆ زانین (ئەبو بەکر) پێش ئەوەی کۆچ بکات دوو ئەسپ و پارەیەکی باش لۆ ئەو دەرهێنانە (إخراج)ەی پێغەمبەری ئامادەکردبوو، لەبەرچی؟ چونکە پێشتر بە ماوەیەکی باش ئاماژەی دابوو بە (ئەبو بەکر) کە لەوانەیە لە مەککە نەمێنین، لەبەرئەمە ئەبوبەکر ئەو پارەیەی هەیبوو کە شوێنێکی تایبەتی هەبوو پارەکەی لەناو دادەنا، باوکی ئەبو بەکر لە ئەسماء دەپرسێت باوکتان ڕۆیشت چی لۆتان جێهێشتووە؟ ئەویش نەیویست کە زویر بێت، و لەبەرئەوەی چاوەکانی نەمابوو و خاوەن پێداویستی تایبەتی بوو، هەڵسا بە هێنانی ئەو جامەی کە باوکی پارەی تێدا دادەنا، چەند بەردێکی خستە نێویەوە و بە پەڕۆکێك داپۆشت، و گووتی ئەوتا جامی پارەکەی بەتاڵ نییە! ئەوەبوو دەستی لێخشاند، و گووتی کەواتە ستەمی لێ نەکردوون، (عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ، قَالَتْ : لَمَّا خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَخَرَجَ مَعَهُ أَبُو بَكْرٍ ، احْتَمَلَ أَبُو بَكْرٍ مَالَهُ كُلَّهُ مَعَهُ خَمْسَةَ آلَافِ دِرْهَمٍ، أَوْ سِتَّةَ آلَافِ دِرْهَمٍ , قَالَتْ : وَانْطَلَقَ بِهَا مَعَهُ، قَالَتْ: فَدَخَلَ عَلَيْنَا جَدِّي أَبُو قُحَافَةَ وَقَدْ ذَهَبَ بَصَرُهُ ، فَقَالَ : وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرَاهُ قَدْ فَجَعَكُمْ بِمَالِهِ مَعَ نَفْسِهِ ، قَالَتْ : قُلْتُ كَلَّا يَا أَبَتِ، إِنَّهُ قَدْ تَرَكَ لَنَا خَيْرًا كَثِيرًا، قَالَتْ : فَأَخَذْتُ أَحْجَارًا، فَتَرَكْتُهَا فَوَضَعْتُهَا فِي كُوَّةِ الْبَيْتِ، كَانَ أَبِي يَضَعُ فِيهَا مَالَهُ، ثُمَّ وَضَعْتُ عَلَيْهَا ثَوْبًا، ثُمَّ أَخَذْتُ بِيَدِهِ، فَقُلْتُ: يَا أَبَتِ، ضَعْ يَدَكَ عَلَى هَذَا الْمَالِ، قَالَتْ : فَوَضَعَ يَدَهُ عَلَيْهِ، فَقَالَ: لَا بَأْسَ، إِنْ كَانَ قَدْ تَرَكَ لَكُمْ هَذَا، فَقَدْ أَحْسَنَ، وَفِي هَذَا لَكُمْ بَلَاغٌ، قَالَتْ: لَا، وَاللَّهِ مَا تَرَكَ لَنَا شَيْئًا، وَلَكِنِّي قَدْ أَرَدْتُ أَنْ أُسْكِنَ الشَّيْخَ بِذَلِكَ"(مسند أحمد)، ئەوەی شایەنی باسە ئەو کاتە دایکی ئیمانداران عائیشە ئامادەبووە لەم ڕووداوە، ئینجا لە سەرەتای هاتنی پەیامەکەی (البِعْثَة النبوية) کەمترین شت کە نۆ ساڵ بووە، لە هەندێ حیسابی دیکە تەمەنی سیانزە ساڵ دەردەچێت، پاشان سیانزە ساڵی دیکەی بێتە سەری، کە ئێمە کەمترین ژمارەمان وەرگرتووە، ئەویش نۆ ساڵ، هەموو ڕۆژ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) چاوپێکەوتنی لەگەڵ عائیشە

هەبووە هەر لە سەرەتای بوونی بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، هەموو ڕۆژ دایکی ئیمانداران وانەیەکی تایبەتی لە لای پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەبووە، تەنانەت لەکاتی وەدەرنان (الإخراج) پێغەمبەر لە کاتێك چووەتە ماڵیان کاتە ئاساییەکەی خۆی نەبووە! لەمەوە ئەبوبەکر هەستی کرد کارێکی گرنگ هەیە، لەبەرئەوەیە کە پێغەمبەریش لەم کاتە هاتووە، دایکی ئیماندارن بە وشەیەك باسەکە دەگوازێتەوە، لە دەرگە لێدانەکەوە زانیان کەوا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ە لە دەرگە دەدات و کاتەکەش کاتی هاتنی ڕۆژانەی خۆی نییە، دواتر کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دێتە ژوورەوە، عائیشەش لەدوای دێتە ژوورەوە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قسە ناکات، ئەبوبەکر دەڵێ یا رسول الله ئەوانەش (أهل)ی تۆن، قسە بکە، کاتێك کە گووتوویەتی ئەوە (أهل)تە لە تەمەنی نۆ ساڵیمان داناوە، ئەگەرچی سیانزە ساڵییەکە بە ڕاستتر دەزانین، کەمترینی نۆ ساڵی دادەنێین، لەم کاتەش لە نۆ ساڵی تاکو سیانزە ساڵی لەلای بووە، واتە ئەبوبەکر صدیق هەستی کردووە ئەوە لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەستنیشانکردووە(محجوز)، ئەمە لە ناو هەولێرییان پێی دەڵێن نیشانکردن، ئەو کچە لەم تەمەنە نیشان دەکرێت لۆ فلانە کەس، ئینجا کە کۆچی کرد لۆ شاری مەدینە، و دایکی ئیمانداران نەگوازراوەتەوە، پاشان جارِی گرێبەستی لەسەر جارِدرا، ئینجا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) گواستییەوە، ئەمانە هەمووی کۆبکەرەوە دەبێتە (25) ساڵ، ئەگەر بێتوو فیکری قیرائە دابەزێنیتە سەر ئەو بابەتە، ئەو کاتە هەموو مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە، و ئاشکرا دەبێت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ناکرێت، گەورەترین کێشەیە کە بە درێژایی مێژووی ئیسلامی لۆمان دروستبووە، و وەڵامیشمان نییە، لەبەرئەوەی ئەو کێشەیە هیچ بنچینەیەکی لە بنەڕەتدا نییە، کاتێکیش بە ناچاری دێن بەرگری دەکەن، بەرگری لە کێشەیەکی دۆڕاو دەکەن، دەڵێن لەبەرئەوەی دایکی ئیمانداران عائیشە ئافرەتێکی پێستە سوور بووە، و پرچی لولخواردووە(گروازە) بووە، پێیان دەگووت سوورە (حمیراء) گوایا ئافرەتی لەم جۆرە جەستەی زووتر گەشە دەکات، و گەورە دەبێت، مێیەتی زووتر ئاشکرا دەبێت! لەبەر ئەوە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە نۆ ساڵی گواستووتییەوە، هەڵەیەکیان کردووە، و دەیانەوێت ئەو هەڵەیە چارە بکەن. لۆ زانین هەموو ئافرەتێك وەك یەکن و پێگەیشتنیان لە تەمەنێکی دیاریکراو و چەسپاوە، لەبەرچی ئەو جۆرە ئافرەتە بەم جۆرە خۆی بناسێت، ئەگەر پێگەیشتنیشی ببێ، لەوانەیە شەش مانگ یان ساڵێك جیاوازی هەبێت، لەبەرچی (13) ساڵ جیاوازی هەبێت، ئینجا پاشان دەڵێ خۆی باڵابەز بووە! ئەگەر ئەوەندە باڵای بەرز بووبێت، لەبەرچی لەکاتی یاریکردنی (أحابیش) لەناو مزگەوتی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چووبووە سەربان و ستارەی خانووەکەیان بڵند بوو، کەچی دایکی ئیمانداران عائیشە نەیدەبینی، گەردەنی خستبووە سەرشانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، تاکو بیانبینێت، ئەگەر باڵای درێژ بوو لەبەرچی وای کردووە؟ ئەمانە هەمووی دابەزاندنی چەمکی قیرائەیە لەسەر فەرموودەکان.

### ئایا ڕاستە پێغەمبەرمان هەژار و دەست کورت بووە؟

لە نموونەیەکی دیکە دەڵێن گوایا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەژار بووە و بە جۆرێك نیشانمان دراوە کە دەستکورت(فقیر) بووە، هەموو کات خاوەن پێویستییەك (محتاج) بووە، وەك دەگووترێت نانێکی گەرمی نەبووە بیخوات لە ماڵەکەی، کە بەم جۆرەش بووە، کاتێك میوانی هاتووە، بە هاوەڵەکانی گووتووە خێرتان دەگات ئەو میوانەی من ببنە ماڵەکەتان و تێری بکەن! جلێك نەبووە لەبەری بکات! لەبەر ئەمەشە کاتێك کەوا لەسەر حەصیر پاڵکەوتووە کاریگەری لەسەر پشتی و لا تەنیشتەکانی کردووە و تاکو عومەر هاتۆتە گۆ و گووتوویەتی تووخودا تۆ یان کیسرا گەورەی فارس! لە فەرموودە هاتووە کە سێ مانگ لەنێو ماڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئاگر هەڵنەکراوە، ئینجا دەڵێن ئەگەر هەبوون بوو خۆی لۆ خۆی و لۆ ماڵ و

منداڵی لەبەرچی ئاگر لەم ماوە درێژە هەڵنەکراوە؟ و چێشت دروست نەکراوە! یان ئەگەر هەیبوو لەبەرچی لەماڵ دەرچووە و لە گەڕەکەکان گەڕاوە لۆئەوەی پارچە نانێك، یان کەسێك خێری پێ بکات و بیباتە ماڵەکەی خۆی، پاروە نانێکی پێ بدات! لە ڕێگە سەیر دەکات ئەبو بەکری صدیقیش هەمان حاڵی هەیە و لە برسانا هاتۆتە دەرەوە و دواتر عومەریش دەبینن بە هەمان حاڵی ئەوانەوە برسییەتی و هاتۆتە دەرەوە! ئەمە باشە، ئەی خێزانەکانیان و منداڵەکانیان چی یان ئەوان خۆڵ دەخۆن؟ لەبەرچی تەنیا ئەو سێیەیان برسی بن؟ ئەی ئەوانی دیکە چی؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن، ئەگەر بێتوو فیکری قیرائە دابەزێنینە سەر فەرموودەکان شتێکی دیکە دەردەکەوێت، ئینجا بە دەقی ئایەت(رب العالمين) دەفەرموویێت: (وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى)(الضحى8) کەواتە پێغەمبەرمان دەوڵەمند بووە و پێغەمبەرمان دەست کورت نەبووە، بەڵکو پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەبوون بووە، نەك هەبوونێکی ئاسایی، بەڵکو ملیۆنێر بووە! هەر لەسەرەتای غەزوەکان پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) پێنجەیەك (الخمس)ی هەبووە، بەڵام کە دەڵەمەندیش بووە، پارەکەی لە پێناو ڕێگەی خودای ڕەحمان خەرج کردووە، تەنانەت کە دایکی ئیمانداران دەگێڕیتەوە کە ڕۆژێك پێغەمبەرمان ئاژەڵێك سەردەبڕێت دەیکاتە خێر و دابەشی دەکات، دەڵێ چیتان لە گۆشتەکەی کرد؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە کە هەموومان زایەع کردووە تەنیا یەك پارچە ماوەتەوە! (عليه السلام و البركات) وەڵام دەداتەوە دەفەرمووێ نەخێر هەمووی تأمین بووە، تەنیا ئەو پارچەی هێلدراوەتەوە ضایەع بووە، تێڕوانینی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بەم جۆرە بووە، تەنانەت خودای ڕەحمان فەرمانی پێ دەکات: (وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ)(الاسراء29) ئەگەر پارەی نەبوووبێت و هەژارحاڵ بووبێ، یان هەژار بووبێ، و پارەی لە گیرفان نەبووبێت، چۆن ئەو ئایەتەی لۆ دێتە خوارەوە؟ کە دەفەرمووێ: (وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَّحْسُوراً)(الاسراء29) ئەوە هەمووی تێگەیشتنی مرۆییە، لێکدانەوەی مرۆییە، زۆرجار ئەمەش لە تێگەیشتنێکی کەنیسەییانەی ئینجیلییانە هاتۆتە نێو تێگەیشتنی ئیسلامی، چونکە لە ئینجیل نابێ مرۆڤ دەوڵەمەند بێت، و هەر لە بنەڕەتدا نابێ پارەی هەبێت، دەبێ هەردەم لە زاهیدی بژیێت، تاکو سەری خۆیان ناشۆن، و ڕیشیان ناکەن، و سمێڵیان ناکەن، هۆکار چییە؟ چونکە گرنگی بەخۆیان نادەن، دەبێ دەروون(نفس)یان بمرێنن بەم حاڵە، ئەوەش تێگەیشتنێکی کەنیسەییانەیە، واتە پێغەمبەرمان شوێنەواری حەصیر لەسەر تەنیشتی دەمێنێتەوە، و پێشەوا عەلی لۆ پێی دەڵێن (أبو تراب)؟ ئەویش کێشەی نەبوو لەماڵەوە هاتبووە دەرەوە و هاوینیش بوو، ئارەقەی کردبوو، ئارەقەکەش لەبەرئەوەی ناچەکە خۆڵاوی بووە و لەگەڵ ئارەقەکە تێکەڵ بووە و بۆتە قوڕ بە نێوچەوانییەوە و بە تەنشتەکانی دەنووسێت، لەولاوە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دێت و هەر لۆ خۆشی دەڵێت: (هل أنت أبو تراب؟) و شۆخی لەگەڵ دەکات، زەردەخەنەی لەگەڵ دەکات، ئایا پێشەوا عەلی هەژار بوو؟ ئێمە تێڕوانینی خۆمان دەدەین، و کابرای زانا تێروانینی خۆی فڕێدەداتە سەر بابەتەکە، پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) سێ مانگ (الهلال، ثم الهلال، ثم الهلال) ئاگر لە ماڵەکەی هەڵنەکراوە! لەبەرچی؟ چونکە پێغەمبەرمان چێشت خۆر نەبووە، تەنیا لە بۆنەکان گۆشتی خواردووە، پیاوێکی ڕووەکی بووە، ئینجا نەك سێ ژەم بەڵکو پێنج ژەمی هەبووە، واتە هاوسێی هەبووە و کەسی تایبەت، ئاژەڵی ڕاگرتووە، تەنیا شیری لۆ دابین بکات، ڕۆژانە شیری خواردۆتەوە، ڕۆژانە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) پێنج ژەمە نانی خواردووە، کەواتە کابرایەکی سك برسی نەبووە، ئێنجا ئەمەیان کردۆتە ڕێسایەك گوایە پێغەمبەر دەست کورت بووە! لەبەرئەم هەژارییەی و لە برسان لە ماڵ دەرچووە! و دوو بەردیشی لەسەر سکی خۆی بەستاوەتەوە، ئەوە هەمووی مێژوومانە، چونکە ئەوانە هەمووی فەرموودەن، و پڕی بابەتی لەم جۆرە کاروبارانەیە، ئێمە چۆن بتوانین ئەم

بۆچوونانە دەربارەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بڕەوێنینەوە و لایدەین، کە زۆربەشیان شتی بێ بنەمان و لە بنەڕەتدا هیچی وا نیین بە بیر و فیکری قیرائە.

## بنچینەی فیکری قیرائە چییە؟

بیر و هزی قیرائەی بریتییە لە لێککردنەوەی هەموو شتەکان و هێنانەوەیەتی بۆسەر شێوەی بنەڕەتی خۆی(ساغەی)، ئینجا ئەگەر بمانەوێت ببێتە زەمینەیەك لۆ ڕەهەندی ئایینی، ئەو کاتە دێین ئایاتی مەخلوقە، لە پێش چاوی خۆمان دادەنێین، پەروەردگارییەت (ربوبیة)ی (رب العالمین) لەم ئایەتانەوە دادەبەزێنینە (تنزیل) سەری، تاکو ئەو ئایەتە و ئەو مەخلوقە ببێتە (آیات الله)(جل جلاله) کاتێکیش بوو بە (آیات الله) کردەییانە مەشق لەسەر ئەمە دەکەین بە بەردەوامی، ئەو کاتە ئەو ئایەتە ئێمە پەیوەیست دەکات بە الله(جل جلاله)، ئەو مەخلوقە (مربوب)ە و ئێمەی پەیوەستی پەروەردگا (رب) دەکات، بە دووبارەکردنەوەو مەشقکردن لەسەر ئەمە، کردەییانە هەست دەکەین، ئەو ئایەتە هۆکارێکە لۆ بوونی خودای ڕحمان لە ناوەوەمان، بەم ئایەتەوە خودامان بە بیر دێت، ئینجا رب العالمین بە ملیۆنەها و ملیارەها ئایاتی هەیە، کە باسی زەوی دەکا، لە چیاو خۆل و لە ئاو، ئینجا پاشان باسی ئاسمان دەکات لە باران و لە بەرد و لە هەموو ئەو شتانە، و لە ئەستێرە و لە ئاسمانی دەرەوە باسی چیا دەکات، ئەمانە هەمووی ئایاتن، باسی چێشت(طعام) دەکات، ئەگەر بێتوو ئەمانە هەمووی ورد بکەیتەوە، هێدی هێدی هەموو ئایاتی مەخلوقەن، ئەو مەخلوقە ئێمە پەیوەستی خالقمان دەکات، و دەبێتە پردێك لە نێوان ئێمە و لە نێوان خالق، گووتمان (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ )(العلق1) زەمینە دروست دەکا لۆ (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ )(المزمل8)، (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ )(المزمل8)یش زەمینە دروست دەکات لۆ (وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً)(آل عمران41) ئەو کاتە مرۆڤ وا هەست دەکات کردەییانە لە نێو تۆپێکی ڕوون(شفاف) بەردەوام لەگەڵ رب العالمین جووڵە دەکات، هەموو هەست و نەستی دەبێتە (رب العالمین)، بەبێ ئەوەی ناوی خودا(جل جلاله) بهێنێت.

## ئەو مرۆڤانەی کارو پیشە سەرقاڵیان ناکات لە خودا و (ذکر)ی خودای ڕەحمان

لە ژوورەوەی ئەو مرۆڤە ئامێرێك هەیە، هەرکاتێك توانی بە هۆی ئەو قیرائەیە ئەو ئامێرەی بە ئیش بخات، ئەم دەمە دەگات بە ئاستێك کە خودای ڕەحمان وەسفیان دەکات بە: (رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ)(النور37) بەردەوام بەم جۆرەن، لۆ زانین باسی بازرگانی و فرۆشتن دەکات، لە بنەڕەتدا بازرگانی فرۆشتنیشی تێدایە، بەڵام لەبەرچی فرۆشتنەکە دووبارە دەکاتەوە؟ بارزرگانی برتییە لە کڕین و فرۆشتن، لەبەرچی دوو جار فرۆشتن باس دەکات؟ مرۆڤی بازرگان، ئەوەی کە فرۆشیار بێت هەردەم لە هەوڵی ئەوەیە بە هەرچی هێزیەتی دەماغ (فؤاد)ی بەرامبەرەکەی ڕازی بکات، لە ڕێی بیستن و بینین (سمع و بصر)، لەبەرئەوە ئیش لەسەر دەماغی بەرامبەرەکەی دەکات، بە وشەکان و بە خستنەڕووی ماددەی فرۆشراوی خۆی، لەم ساتەدا کە ئەو هەموو ئیشانە دەکات، بەم قسەزانییەی و بەم دبلۆماسییەتییەی، هەرچی هێزی هەیە بەسەر ئەمەی دەڕێژێت، هەرچی تواناکانی هەیە لە دەماغی دەخاتە گەڕ لۆ ئەو کارە، لەم ساتە گرنگتر و گرنگ لە نێو دەماغی نامێنێت، لەبەرئەوەیە (رب العالمین باسی بازرگانی و فرۆشتن دەکات، ئینجا ئەو کاتەش ئەو کەسە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی بە هۆی قیرائەوە کە (الله) بوونی هەبووبێت، ئەو کاتیش هەر یادی خودای دەکات، لەبەرئەوە فەرموویەتی: (رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ)(النور37) یەکەم ئەوانە پیاو(رجال)ن، و ئەوانە پیاون و بازرگانی غافڵیان ناکا(إِلْهاء)یان ناکات نەك سەرقاڵییان لۆ دروست بکات(عَن ذِكْرِ اللَّهِ)(النور37) یادکردن (ذکر) ئەوەتا گەیشتە چ ئاستێك؟ (اقْرَأْ بِاسْمِ

رَبِّكَ)(العلق1)، (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ)(المزمل8)، (وَاذْكُرِ) سێیەم قۆناغە (رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ)(النور37) لەبەرئەوە چەندێك لە توانامان بێت بەردەوامی بدەین بە قیرائە لە شەو و ڕۆژ، بە هەمان ڕاددە خاوەنی ئەو قیرائەیە (علیه السلام و البرکات) دەناسین.

## قیرائەکردنە مرۆڤەکان دەگەیەنێتە ئاستی پێویست و شایەنی مرۆڤبوون

ئەگەر سەیری گرتەکانی ژیانی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بکەین، هەروەها سەیری ژیانی ئەو هاوەڵانە بکەین کە کردەییانە بە هۆی قیرائەوە دروستیانی کرد، ئەوان لە چ حاڵەتێکی مرۆیی گەیاندنی بە چ ئاستێکی ئیمانی و تەقواییانە، ئەو عومەرەی(ڕەزای خودای لێبێت) کە بە دەستی خۆی کچی خۆی لەژێر خۆڵ ناوە، کچەکەی عومەر تەمەنی سێ ساڵ بووە، زۆرجار کە بەبیری هاتۆتەوە، تووشی خەمۆکی بووە، چەند ڕۆژێك نەیدەتوانی زەردەش بکات، ئەوە سیفەتی عومەر(ڕەزای خودای لێبێت) بووە، هەر ئەو عومەرە بوو بە قیرائەکردن گەیشتە ئەو ئاستەی بڵێت: (والله اني لأخاف أن يسألني الله عن عنزة زلت قدماه في الفرات) بە خودای من دەترسم لە خودا کە لە ڕۆژی دوایی لێپرسینەوەم لەگەڵ بکات، لەسەر گیسکێك، کەوا قاچەکانی خزیبێتە نێو ئاوی فوڕات، لەبەرچی؟ نەوەك لێی بپرسێت: (لم لم تصلح له الطريق ياعمر؟) لەبەرچی ڕیگەکەت لۆ خۆش نەکرد؟ تاکو ئەو گیسکە قاچەکانی نەخزێتە ناو ئاوی فوڕات، خۆی لە مەدینەو گیسکەکەش لە فوڕات! لەوێ بە دەستەکانی خۆی کچەکەی بیکاتە ژێر گڵ، و لێرەش حیساب لۆ گیسکێك دەکات! چ جۆرە گۆڕینێك لەناو ناوەوەی مرۆڤ دەکات! ئەو عومەرە بە دەستی خۆی دوو ئافرەتی ئیمانداری کوێر کردووە کە ئەوانیش (زنیرە و فەهیرە) بوون، کە بە ئەشکەنجەدان بە دەستی خۆی کوێریانی کردووە، کە سەرپەشتیکاری ئەشکەنجەدانی گرۆی ئیماندارن بوو، عومەر(ڕەزای خودای لێبێت) لەسەردەمی سەرەتای هاتنی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بەڕێوەبەری پۆلیس بوو لە مەککە.

## عومەر(ڕەزای خودای لێبێت) لەکوێ لۆ کوێ؟

پاشان ئەو عومەرە بووە ئەو مرۆڤەی کە شەوان لە کاتی ئیسراحەتی خۆی بەناو گەڕەکەکانی مەدینە هاتووچۆی دەکرد، بەدواداچوونی لۆ حاڵی موسوڵمانان دەکرد، لە پشت دیوارەکانی ماڵەکانیان. لەبەرئەوەیە کۆمەڵێك ڕووداو هەیە کە عومەر گوێی لەو دایکە دەبێت کە بە منداڵەکانی دەڵێت جارێ چێشت ئامادە نەبووە بخەون! دوای کاتێکی دیکە هەمان شەو دێتەوە هەمان گەڕەك و بەردەم هەمان ماڵ، دەبیبیست کە منداڵەکان هەمدیسان دەگرین و دەڵێن دایە لۆ چێشت ئامادە نەبووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت کوڕم کەمێکی ماوە چێشتەکە ئامادە دەبێت، و دەسازێت، دووبارە دەسووڕێتەوە و پاشان دێتەوە، پاشان دێتەوە تەماشا دەکات هەمان منداڵەکان دیسان لە گریانن! عومەریش(ڕەزای خودای لێبێت) لە دەرگەی ماڵەکە دەدات و دەڵێت (یا أمة الله) لەبەرچی خواردنیان پێ نادەیت؟ ئافرەتەکەش وەڵام دەداتەوە کەوا چونکە هیچمان نییە! عومەریش دەڵێت: ئەی چییە ئەو باسی شتی سەر ئاگر دێت، ئەویش دەڵێت ئەوە مەنجەڵێکی پڕ لە ئاوم لەسەر ئاگر داناوە و چەند بەردێکم داناوەتە ناو مەنجەڵەکە! تاکو منداڵەکان فریوبدەم بەم جۆرە و بەڵکو ماندوو دەبن و خەویان لێ دەکەوێت! تاکو بەیانی دەبێتەوە!

## دەرچووی قوتابخانەی (اقرأ) مووچە بۆ هەموو منداڵێك دەبڕێتەوە

کاتێك ئەمەی بیست گەڕایەوەماڵەکەی خۆی و چەندی ئارد لێبوو هێناویەتی لەسەر شانی خۆی بردوویەتی لۆ ماڵی ئافرەتەکە، لۆ بەیانییەکەی هەرچی هەژارە لە مەدینە مووچەیان لۆ دەبڕیتەوە، هەم مووچە لۆ هەژاران و هەم لۆ بێباوکان، واتە ماڵ هەبووە دوو جۆر مووچەی وەرگرتووە.

شەوێکی دیکە هەر بەم جۆرە دەرچوونی هەبوو، لەنێو گەڕەکەکانی مەدینە گەڕاوە، شەوێکیان گوێبیستی گریانی منداڵێك دەبێت، چەند جارێك بە دواداچونی لۆ دەکات، هەر بەردەوام دەگریت، پاشان هاوار دەکات لەبەرچی ئەو منداڵە ژێر ناکەیتەوە (یا أمة الله)؟ ژنەکەش وەڵامی دەداتەوە: ئەو منداڵە برسیەتی و عومەری پێشەوای ئیمانداران مووچە لۆ منداڵان نابڕێتەوە تاکو نەگەنە تەمەنی ساڵێك زیاتر، منداڵەکەی منیش نەگەیوەتە ئەو تەمەن و لەبەرئەوەش هیچمان نییە بیدەمێ! دوای ئەمە عومەر دەگەڕێتەوە ماڵەوە و تاکو بەیانی دەگریت، و دەڵێت: (کم قتلت من اطفال المسلمین یا عمر؟) دەبێ بەهۆی ئەو حوکمە توندە تۆ چەند منداڵە موسڵمانت لە برسانا لەناو بردبێت؟ بڕیارەکە وابوو کە منداڵ لە شیرخواردن بکرێتەوە ئینجا مووچەی لۆ دەبڕایەوە، کەواتە هەموو منداڵ مووچەیان هەبوو، تەنیا منداڵی شیرەخۆر نەبێت، کاتێك چوویەوە ماڵەوە لۆ ڕۆژی دواتر لە دوای نوێژی بەیانی بڕیاری دەرهێنا کەوا هەر منداڵە موسڵمانێك کە لە دایك بوو ڕاستەوخۆ مووچەی لۆ دابین بکرێت، عومەر بەم جۆرە بوو، لەسەرەتا منداڵە کچەکەی خۆی بە زیندوویی خستە ژێر گڵ، و لێرەش عومەر بەم جۆرەی دەکرد، ئایا چ بیروباوەڕێك ئەو مرۆڤەی بەم جۆرە گۆڕی؟ قیرائەکردن وەك پرەنسیپێك بوو ئەوهای لە عومەر کرد، کەواتە لەلای ئێمە قیرائەکردن تەقواکردنە، تەقواش ئیمان دروست دەکات، بڕوامان وایە بەبێ قیرائەکردن ئیمانی ڕاستودروست بینا نابێت، مەرج نییە قیرائەکردنەکەش تەنیا بەم پەیرەوە بێت، گرنگ ئەوەیە مەخلوقات ببێتە هۆکاری ئاشنابوون و ناسینی خالیق.

پرسیار: دانایی لە چی بووە پێغەمبەر(علیه السلام والبرکات) چەند ئافرەتێکی هێناوە لە ژیانیدا؟ و یەکێکی تەمەن (40) ساڵی هێناوە کە خۆی تەمەنی (25) ساڵ و گەنج بووە؟

## ئایا ژنهێنانەکانی پێغەمبەر بۆ فرەژنی(التعدد) بووە یان جۆراوجۆری (التنوع)لە پسپۆڕی ئافرەتەکان؟

وەڵام: ئاماژەمان بەوە دا کەوا چەند ژنێك ناهێنێ بە ژمارە واتە فرەژنی(التعدد) نییە، بەڵکو لەلای ئێمە جۆراوجۆری (التنوع) هەیە، جۆراوجۆرێتیش ئەوەبوو کە پێغەمبەران(علیهم السلام و البرکات) پێویستییان بەوە هەبووە مە کرداریانە کۆمەڵێك پسپۆڕی لە دەورووبەری هەبێت لە کاروباری ئافرەتان، لۆ نموونە: دایکی ئیمانداران خەدیجە

### ئافرەتێك بۆ زەحمەتترین قۆناغ لە ژیانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

دایکی ئیمانداران خەدیجە بەر لەوەی ببێتە بەشی پێغەمبەرمان، یان پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ببێتە نەسیبی ئەو، لە ڕاستیشدا هەر بەم جۆرەیە، ئەو ئافرەتە لەلای ئامۆزای مەشقی پێدەکرا، (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) ئامۆزای بوو، و ماڵیشان هاوسێ بوو، هەژاریش بوو و خەدیجە دایکی ئیمانداران چاودێری دەکرد، ئەو پیاوە کەسێکی دیان (مەسیحی) بوو، بەڵام مەسیحییەکی یەکتاپەرست بوو، کە دەیگووت عیسی(علیه السلام) بەندەی خودایە، کە ئەمانە دەستەیەك بوون لە مەککە و لقیشیان هەبوو لە

شارەکانی دیکە وەك شام و حمص و حما و ئەو جێگەیانە، جا خەدیجە زۆرجار دەچووە سەردانی وەرەقەی کوڕی نەوفەل، و چاوەکانی ئاوی سپی هاتبووە سەر، و لە کۆتاییەکانی تەمەنی بوو، خاوەن پێداویستی تایبەتی بوو، بەهۆی ئەمەوە چاوەکانی لەدەست دابوو، جا خەدیجە دەهات و ئینجیلی لۆ دەنووسییەوە و لۆی دەخوێندەوە، زۆرجار کە دەگەیشتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموویێت پێغەمبەرێك لە (أم القرى) پەیدا دەبێت، لەوێش دەنێردرێت و ناوی (أحمد)ە و سیفاتەکانیشی بەم جۆرەیە...، هەر ئەوەش بووە هۆکار لۆئەوەی خەدیجە پێغەمبەرمان هەڵبژێریێت وەکو سەرکار لۆ بازرگانییەکەی، هەرئەوەش بوو وایکرد مەیموونە سکرتێرەی خەدیجەی ببێتە سەرپەرشتیار لەسەر کاروباری قازانج و زیانی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، هەر (مەیموونە)ش بووە هۆکار و پرد تاکو کردەییانە ڕەوشتی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بگوازێتەوە بۆ خەدیجە، لە دەماغ(فؤاد)ی خەدیجە سیفاتەکانی ئەو پێغەمبەرە بوونی هەبوو، لەبەرئەمە خەدیجە وایکرد کەوا (مەیموونە) بچێت خوازبێنی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بکات، واتە خەدیجە چووە خوازبێنی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، مەیموونە ژنێکی زۆر زیرەك و بە ئەقڵ بوو، سکرتێرەیەکی ئاست بەرز بوو و نمایندە و دەنستنیشانکردنی زۆر ورد بوو، بە کردەییانەش توانی پێغەمبەرمان بگەیەنێتە خەدیجە، لۆیەش ئەو کۆمەڵە زانستەی کە خەدیجە لە وەرەقەی وەرگرتبوو، کوڕە مامەکەی بووە زەمینەیەك، کە پێغەمبەرگومان لەخۆی بکات کە ئایە شێت بوومە یان شێت نەبوومە؟ خەدیجە لەوەڵامدا پێی ڕاگەیاند (والله مايخزيك الله أبدا، إنك لتصل الرحم، وتحمل الكل، وتكسب المعدوم، وتكرم الضيف، وتعين على نوائب الحق) ئەمە لە بوخاری هەیە کە بەچەند جۆرە گێرانەوەیەك، وەسفێکی سەرەکی هەیە: (وتعين الملهوف) واتە یارمەتی کەسێك دەدەیت کە کە کردەییانە خاون پێداویستییەك بێت بەبێ ئەوەی بیناسیت، بێگومان کەسی لەم جۆرە لەنێو عەرەب نەبوو، لەبەرئەوە پێی گووت: (والله لا يخزيك الله أبَداً) ئەو سێ سیفەتانەی باسکرد، ئەو سێ سیفەتانەی لە کوێ هێنابوو؟ لە کوڕە مامەکەی و لە ئینجیل هەیە، ماوەی (15) ساڵ بەدواداچوونی لۆ پێغەمبەری کردبوو، و چاودێری کردبوو، ئەو سێ سیفاتەی وەکو خۆر لۆی ئاشکرا ببوو، لەبەرئەوەیە کە گووتی پێغەمبەرم، و گووتی شتێکی لەم جۆرەم لۆ هاتووە، بردییە لای وەرەقەی کوڕی نەوفەڵ، ڕاستەوخۆ وەرەقە ئیمانی پێ هێنا، بەڵام بەرلەو کێ ئیمانی بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هێنابوو؟ خەدیجە بوو، تا ئێستا پێغەمبەرمان ئیمانی بەخۆی نەهێنابوو! زەحمەتترین قۆناغی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئیمان هێنان بوو بەخۆی، پێغەمبەرمان دەبێ خۆی بەخۆی بڵێت: (وأشهد أن محمد رسول الله) شتێکی سەیر بوو، زەحمەتترین قۆناغی بوو لە ژیانیدا کە خۆی بڕوا بەخۆی بێنێ کە پێغەمبەرە! ئەی لەدوای خەدیجە کێ دەبێ ڕۆڵ ببینێت؟ پێغەمبەرمان (13) ساڵ عائیشەی دروست کرد هەموو ڕۆژ محاضرەی هەبوو لەگەڵ عائیشە لەماڵی خۆیان، هەر لەسەرەتای هاتنی بە پێغەمبەر تاکو وەدەرنان (إخراج)ی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئەوەش (13) ساڵ و ئینجا نۆ ساڵەکەی پێشتریش دەبێتە (22) ساڵ، کەواتە ئەو ئایینەی پێغەمبەرمان پێی بو لەلای عائیشەی دانا بە ئەمانەت، لەبەرئەوەیە هەر لە (صحيح البخاري) لاپەڕەی یەکەم دەکەیتەوە (باب الوحي) کێ باسی دەکات؟ عائیشەی دایکی ئیمانداران، لەبەرچی؟ چونکە هاوشان بووە لەگەڵ ناردن(البِعْثَة)ی پێغەمبەرمان، بەو جۆرە هاتۆتە خوارەوە و جبریل(علیه السلام) ئاوای گووت، تەنانەت چەمکی (اقرأ) لە سوڕەتی (العلق) پێنج ئایەتی یەکەم، دایکی ئیمانداران عائیشە باسی دەکات، بەڵام لەدوای کۆچی دایکی ئیماندارن خەدیجە کێی هێناوە؟ سەودەی هێناوە، ئینجا عائیشەی هێناوە، ئەگەرچی بێ ئەدەبییە بچیتە باسی تایبەتیەکانی ژیانی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، بەڵام پێغەمبەرمان لەگەڵ زۆربەی ژنەکانی هەر لە بنەڕەتدا نەخەوتووە، لەبەرچی؟ ژیانی هەر ژنێکی بەشێکی پێغەمبەری تەواو کردووە، لۆ نموونە ئەگەر بنەمای (اقرأ) لەسەر

فەرمووده بەکاربێنیت، له فەرمووده دەڵێت چ گەشتێکی کردبێت یان غەزای کردبێت ئەوا تیروپشك (قرعة)ی کردووه له نێوان خێزانەکانی، بەمە خێزانێکی لەگەڵ خۆی بردووه، دەپرسین ئایا کردەییانە تیروپشکی کردووه؟ له وەڵامدا نەخێر، لەبەرئەوەی هەر خێزانێکی پسپۆڕییەکی هەبووه، لۆ نموونه له ڕێکەوتنی حودەیبییه کێ لەگەڵ خۆی بردووه؟ (ئوموسەلەمە)ی بردووه، لەبەرچی؟

### کاتێك خێزانەکەی ڕۆڵی دایکێك دەبێنێ بۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)

ئوموسەلەمە ڕێك ڕۆڵی دایکایەتی لۆ گێڕاوه، زۆرجار پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) که چووته ماڵی دانیشتووه، سەری موبارەکی لەسەر ڕانی داناوه ئەویش دەستی بەسەر سەری داهێناوه، ئینجا گەر بێتوو لەو ڕووداوەی که ڕوویدا، ئەگەر بێتوو (ئوموسەلەمە) لەوێ ئاماده نەبووایا لەوانەبوو پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئازارێکی زۆری دەخوارد، که له ڕێکەوتنی حودیبییه پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) به (إحرام)ەوه چووبوون ژمارەی موسڵمانان گەیشته (1400)کەس، ئەو ئایەتەشیان لەسەر هاته خوارەوه: (لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحاً قَرِيباً)(الفتح18)، واته ئەو (1400) هاوەڵه ڕاستەوخۆ (رب العالمین) لێیان خۆشبوو به (رضوان)، تەنانەت ئەو دارەی بەیعەی له ژێر وەرگیرا ناسرابوو به (شجرة الرضوان)، دواتر پێشەوا عومەر دارەکەی بڕییەوه، لەم ڕیکەوتنه دایکی ئیمانداران لەوێ بوو، ئاژەڵ و پێداویستییەکانی هەموو مەڕاسیمی حەجیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، له نێو عەرەبدا پەشیمان بوون لەنێو چەمکی (هدي) هەڵگەڕانەوه (ردة) و کوفره، جا ئەو (هدي)ەی چۆن بیگەڕێننەوه؟ لەبەرئەوه کەس نەگەڕایەوه، کاتێك پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) فەرمانی کرد بگەڕێنەوه، هەموویان دانیشتن! پێغەمبەر فەرمووی سەر بتاشن (حلق)، کەچی هیچ کەسێك هەڵنەستا سەری بتاشێت! پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) چوویەوه ژوورەوه لۆ نێو ڕەشماڵەکەی و به ئوموسەلەمەی فەرموو به هاوەڵانم گووت (حلق) بکەن، کەچی کەس هەڵنەستا (حلق) بکات! و ئەگەر به گوێم نەکەن ئەوانه کافر دەبن! لەبەرئەوەی ئەم هەڵوێسته بەهێز بوو لەسەر هاوەڵان، لۆیه بیستنیان (سمع) ئیشی نەدەکرد و ڕاوەستا، ئەی چی ئیش دەکات؟ تەنیا بینین (بصر)، ئوموسەلەمە پێی گووت یا رسول الله تۆ سەرتاشەکەی خۆت بانگ بکه و کورسیت لۆ دابنێن و وەره له پێش چاویان دانیشه و به سەرتاشەکەت بڵێ سەرت بتاشێت، ئەوکاته بزانه ئەوانیش چاوت لێ دەکەن یان نەخێر؟ کردەییانه پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) هاته دەرەوه و بانگی سەرتاشەکەی خۆی کرد، و دانیشت و ئەویش دەستی کرد به سەرتاشین، هاوەڵان هەموو تەماشایان دەکرد، و کردەییانه پێغەمبەره و وای کرد، کەچی بیستن (سمع)یان وەستاوه لێره، ئەی چی دەستی به ئیشکرد؟ بینین (بصر) ئیشی کرد، ڕاستەخۆ (بصر) فایلەکانی گواستەوه، ئەوه پێغەمبەره و ئەو کارەی کردووه، پێشەوا عومەر نەیکردبوو! کاتێك پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەبەرچاویان وای کرد، هەموویا هەڵسان و تا وای لێهات کەمێکی مابوو سەری یەکتر ئازار بدەن، نەك هەر ئەوەنده، بەڵکو وای لێهات هیچ موویەك له سەری پێغەمبەری نەدەکەوته خوارەوه، هەموو مووەکانیان هەڵگرته وه و کردییان به پیرۆزه (تبروك) هەندێ هاوەڵ هیچی لەلا نەبوو تاکو مووەکەی له ناو بپارێزێت و هەڵیگرێت، ناچار مووەکەی خسته نێو دەمییەوه تاکو گەڕایەوه! ئەمەش هەمووی لەژێر تیشکی ڕۆشنایی نەسیحەت و ڕاوێژپێکردنەکەی دایکی ئیماندارن (أم سلمة) و هاتەجێ.

پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات)خێزانی هەبووه تەنها پەیوەندی به پەرستشەوه هەبووه، خێزانی هەبووه تایبەتمەندبووه له بەخشین، ئەمانه هەمووی پسپۆڕیی خۆیان هەبووه، هەریەکێکیان ڕۆڵێکی هەبووه له ژیانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، ئەگەر بهاتایایه ئەو ڕۆڵەی نەبووایا، ئەوا ئیشی (نبوة)تی

پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) کەموکوڕی تێدەکەوت، لەبەرئەوەیە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) ئەو هەموو ئافرەتانە هەبوو بە دەقی ئایەت بەبێ ئەوەی پەیوەندی سەرجێی لەگەڵیان هەبێ.

پرسیار: ئەوەی ئێمەتێیگەیشتووین کە لە قورئانی پیرۆز و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(علیه السلام والبرکات) لەسەر ئافرەت، کەوا مافیان لۆ گەڕێنرایەوە، وەك ئازادی لە هەڵبژاردن، ئایا چی جیاکردنەوەیەك لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام والبرکات) هەبوو توانی نیگایەك بداتە پێشەوا ئەبوبەکر کە کچەکەی عائیشە لۆ پێغەمبەرە؟ ئەو کچەش تا ئێستا هیچ ویستێکی لۆ دروست نەبووە، بەمانای ئەوەی گەورە بوو بێت، ئایا ئەوە بۆی(علیه السلام والبرکات) جیاکراوەتەوە یان لەسەر حوکمی ئەو ئایەتە بوو: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ)(الاحزاب36)؟

وەڵام: نەخێر، کاتێك کە پێغەمبەر ویستی داوای بکاتەوە، سەرلەنوێ داوای کردەوە لە ئەبوبەکر صدیق و گرۆی ئیماندارانیش ئاگادار بوون و دایکی ئیماندارانیش مافی هەڵبژاردنی پێدرا کە ئایا قەبوڵی دەکات یان قەبوڵی ناکات.

پرسیار: واتە پرسی پێ کرا؟

وەڵام: بەڵی ڕاوێژی پێکراو قەبوڵی کرد.

پرسیار: بە تەواوی ئازادی خۆی؟

وەڵام: بەڵێ بە تەوای ئازادی خۆی.

**کۆمەڵکوژی خەیبەر دروستکراوە و بوونی نییە**

ئەو کۆمەڵکوژییەی لە فەرمووده هاتووە، بەم جۆرە نییە و پێچەوانە بووە، لەوەی ناونراوە بە غەزای ئازادکردنی (خەیبەر)، گوایە کۆمەڵکوژی ناوەتەوە و (400) ئافرەتی کڕیوەتەوە! تەنانەت کەسێك دێت و بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەڵێت بگە فریای هاوەڵەکانت خەریکە یەکتر دەکوژن لەسەر دابەشکردنی ئافرەتە جوولەکەکان! ئەمانە هەمووی دروست کراوە. لەمەش سەیرتر دەڵێن گوایا جوولەکەکانی هەموو ڕیزکردووە و هەموویان کە ژمارەیان (900) کەس بووە هەمووی سەر بڕیوە! و ئافرەتەکانیانی کردۆتە کەنیزە! ئەمانە هیچی وا نەبووە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەبووە کە هەموویانی سەرپشك کردووە کە لێرە دەمێنن و سەرانە دەدەن و ئازادی هاتووچۆیان دەبێت، یان ئەوەی دەیەوێت بچێتە دەروە لە مەدینە ئازادە بڕوات، سەرەڕای ئەوەی هەرچییەکی دەتوانێت بار بکات لەگەڵ خۆی باری بکات، ئەوە بووە شوێن و حوکمی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، کەچی مەسەلەکە ئاوەژوو کراوەتەوە، گوایە (900) کەسی بە منداڵەوە سەربڕیوە! و ئافرەتەکانیشی هەمووی لە خۆی و لە هاوەڵانی مارە کردووە! کە درۆیەکەو هەڵبەستراوە.

پرسیار: لە بیری قیرائە، ئێمە کە قیرائە دەکەین، واتە تەقوا دەکەین کاتێکیش تەقوا دەکەین ئیمانداری حەق دروست دەبێت؟

وەڵام: بەڵێ ئیمانی حەق دروست دەبێت.

پرسیار: لە قورئاندا ئاماژە بە ئیمانداری حەق دراوە، جا جیاوازی لە نێوان ئیمانداری حەق و ئیمانداری نا حەق چییە؟

وەڵام: ئەگەر ئیمانداری حەق هەبوو مانای وا نییە بەرامبەرەکەی ئیمانداری نا حەقە، چۆن؟ ئیمانێك هەیە کە هاوبەشدانانی تێدایە یان چۆنە؟ ئێمە زۆرجار باسمان کردووە ئەگەر بێتو ناوەوەی مرۆڤ بە بەرداخێکی بچووێنین، هیچ کاتێك بەتاڵ نابێت، ئەگەر ئاوی تێدا نەبوو، ئەوا هەوای تێدا بێت، ئەگەر ئێمە ویستمان هەوایەکەی نێو بەرداخەکە بکەینە دەروە، ئەگەر ئاو بکەینە نێو بەرداخەکە، ئەوا ئاوەکە لە تەنیشتێکی یان لەسەرەوەی بەرداخەکە ناوەستێت! هەردەم سروشتی ئاو بەم جۆرەیە دەچێتە ژێرەوەی بەردخەکە، هێدی هێدی چەندی ئاو تێبەکەیت، ئاستی ئاوەکە زیاد دەبێت، ئینجا یەك دڵۆپە ئاومان تێکرد، بە ڕێژەی ئەو دڵۆپە ئاوە هەوا دەکاتە دەورەی بەرداخەکەیەوە، ڕیژەی ئاوەکەمان زیاد کرد، ڕاددەی هەوایەك کەمتر دەبێت، هەرکاتێك ئاوەکە بوو بە نیوە هەوایەکەش دەبێتە نیوە، ئەگەر وێنەکە بێنینە بەرچاومان ئەوا ئەوەی دەکەوێتە ژێرەوەی ئیمانەکەوە بریتییە لە (شرك، و کفر، فسق، و فجور) ئەمانە هەمووی ڕیزبەندییە، لە قۆناغی یەکەم ئیمانەکە جێی (شرك) دەگرێتەوە، بەڵام کوفریش ماوە، کاتێك ئیمانەکە کەمێك بەسەر دەکەوێت، ئایا فسق و فجورەکە ماوە یان نەماوە؟ بەڵی ماوە، بەڵام ئەوە پۆلێنەی دەیکەین تەنیا بۆ هەڵسەنگاندنە نەك لۆ حوکمدان، بەڵام ئەگەر ئیمانەکە حەق نەبوو ئەوا: (وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ)(یوسف106).

**لەسەرەتای هاتنە نێو بازنەی ئایین و ئیمان پەرستشەکان چۆن ئەنجام دەدرێن؟**

پرسیار: بەگوێرەی فەرمان پێسپاردنەکان (التكاليف) (يا أيها الذين أمنوا افعل كذا... أو لا تفعل كذا) وەك باسکراوە کە ئیمان (72) هۆبەیە، ئینجا ئەگەر گریمان من لە هۆبەی بیستەم بم، ئەم (إفعل یان لا تفعل) ئایا چۆن بزانم کە من دەگرێتەوە یان ناگرێتەوە؟

وەڵام: ئەوەی پەیوەندی بە پەرستشەکانەوە هەیە، لە فیطرەی مرۆڤ بوونی هەیە، لۆ نموونە ئێمە ئەگەر نەگەیشتبینەتە ئاستی نوێژ(صلاة)یش بەڵام نوێژ دەکەین، پاشان (صلاة)ەکە دەگاتە ئاستی (إقامة الصلاة)، واتە ئیمە لە ئاستی (إقامة الصلاة) نین، بەڵام دەیکەین و (صلاة) ڕاناگرین، لەبەرچی ڕایناگرین؟ چونکە (صلاة) لە فیطرەمان بوونی هەیە، (إقامة)شی تێدا هەیە، لەبەرئەوەیە هەرچی (إفعل) هەیە ئایا دەشێت نەیکەین؟ نەخێر دەیکەین، لەبەرچی؟ لۆ نموونە منداڵ تەمەنی ڕۆژێکە، یان تەمەنی مانگێکە، نازانی خواردن چییە، نازانێ شیر چییە، بەڵام دەورووبەری لۆ نموونە دایکی شیری دەداتێ، لۆ زانین منداڵەکە نازانێ ئەوە چییە؟ لەبەرچی؟ چونکە فیطرەی پێویستی پێی هەیە، جەستەی پێویستی پێی هەیە، ئینجا ئێمە وەکو هاوەڵان نینە ئێستا، واتە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەر لەسەرەتا نوێژی کردووە؟ ئەو سێ نوێژەی لەسەردەمی ئێستا شیعە دەیکەن، لەسەرەتا پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) کردوویەتی و پاشان زیادەی هاتۆتە سەر، کەواتە لە ساتی دروستبوونی ئیمان پەرستنیش کراوە، بەڵام ئایا ئەو ئیمانە لە ئاستی ئەو ئیمانەیە؟ لە وەڵامدا نەخێر، ئێمە چی دەکەین؟ ئێمە هێدی هێدی ئەو ئیمانە بەرز دەکەینەوە لۆ ئاستی پەرستشەکە، لەبەرئەوە ئیمانیش دروست دەکەین بە تەقواکردن هەتا دەگاتە ئاستی (إقامة)، واتە ئۆتۆماتیکی دەبێتە (إقامة).

**هۆکاری بوونی ڕێژەیی لە بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی بۆ ئەم ئایینە چییە؟**

پرسیار: قیرائەکردنی هەرکەسێك بە جۆرێکە هەرکەسێك گوێبیستی بیرۆکەی قیرائە بێت ئەستەمە ڕەتی بکاتەوە، بەڵام هەر کەسێك و بە ڕێژەیەك کۆششی بۆ دەکات و گرنگی پێویستی پێ نادەین، لەبەرچی بەم جۆرەیە؟

وەڵام: هۆکارەکان لۆ ئەمە حاڵەتە زۆرن، هەر کەسێك هزری خۆی هەیە، لایەنی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، هۆکاری دەرەکی خۆی هەیە، سەرقاڵبوونی هەیە، نەبوونی کاتی هەیە، واتە هۆکار زۆرن، بەڵام ئەو مرۆڤە کرداریيانە تا چ ڕاددەیەك هەست دەکات گە گۆڕان لە ژیانی پێویستییەکە ئەو خاڵە دەبێتە بەهێزترین پاڵنەر لۆی، واتە گرنگی قیرائەکردن تا چەند دەبێتە پێویست لۆی؟

**خێراترین و بەهێزترین و سەرکەوتووترین و ئاسانترین**

**ڕێگە بۆ گەیشتن بە خودای ڕەحمان چییە؟**

ئینجا هەرکاتێك دەستبکرێت بە قیرائەکردن، ئەنجامی دەبێت، هاوەڵ هەبووە لە تەمەنی (70) ساڵی بووەتە هاوەڵ، ئەو بیرۆکەیەی کە زانسی دەروونی و زانستی گەشەپێدانی مرۆیی ئەو سەردەمە کە دەڵێت مرۆڤ لە تەمەنێکی دەستنیشانکراودا گۆڕان لەسەر دەروونی نەکرا ئەو قسەیەکە، هەرکاتێك هەر مرۆڤێك ویستی مادده خام لەنێو ناوەوەی هەیە بە چرکە ساتێك دەتوانێت کردەییانە بگە بە خودای ڕەحمان، پەیڕەو پرۆگرامی قیرائە لەلای ئێمە خێراترین و بەهێزترین و سەرکەوتووترین و ئاسانترین بیرۆکەیە تاکو بمانگەیەنێتە خودای فیکری قیڕائەیە، واتە ئەگەر مرۆڤ فیرعەونیش بێت لە ژوورێکی یەك مەتر چوارگۆشەیی بەندکرابێت، فیرعەونیش بێت دەتوانێت ببێتە موسی، بەڵام بە قیڕائەکردن.

سەیر ئەوەیە هەر لەبنەڕەتدا بیری قیڕاکردن لە نێو ئایینەکە هەڵکێشراوە و دەرهێنراوە، لۆ زانین قیڕائەکردن گیانی ئەو ئایینەیە، بەڵکو نەك گیانی ئەو ئایینەیە بگرە گیانی بەشەرییەتە، ئەو ناز و نەعمەتەی کە مرۆڤایەتی تێیدایە لە شارستانییەت و پێشکەوتن و تەکەنەلۆژیا هەمووی لە نێوچەوان قیڕائەکردن. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە هەست بکەین گرنگی قیڕائە چەندە لە ژیانمان، ئەگەر هەستمان بەم گرنگییە کرد، بەقەد ئەو هەستەشمان گرنگیی پێ دەدەین. بەڵام لەگەڵ ئەمەش گرنگیپێدانەکەمان کەمە و وەك پێویست نییە.

**گرنگترین پرسیار ئەوەیە مرۆڤ لەخۆی بکات: ئایا پێویستیم بە خودای خالقم هەیە؟**

پرسیار: ئایا دەبێ ئەو گرنگیپێنەدانەشمان قیڕائەی لۆ بکرێت؟

وەڵام: کۆمەڵێك هۆکاری زۆر هەیە، ئەگەر هاتوو لێکمان کردەوە، لۆ نموونە: گرنگە قیڕائەی چاومان بکەین بەڵام بەچی؟ وا باشە لۆ ماوەی پێنج خولەك چاوەکانم دابخەم، هەر لە نێو ماڵەکەم کە چاوم داخست، ئەوکاتە لە نێو ژوورەکە جووڵە بکەم، ئایا هەست بەچی دەکەم؟ و چ جۆرە مرۆڤێکم؟ ئەمە نموونەیەکە، یان دەتوانی دەستەکانت ببەستیت لۆ ماوەی یەك کاتژمێر، ئایا دەتوانیت هیچ ئیشێکت بکەیت؟ ئایا ئەو کاتە بە دەست بەستراوی پێداویستی تایبەتی خۆت دەتوانیت ئەنجام بدەیت؟ ئەمە هەمووی قیڕائەیە، ئینجا ئەگەر ئەم کارەت ئەنجام نەدا، ئەوا شتێکی دی هەیە بیکەیت ئەویش: (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ)(الطارق5) هەروەها (أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ * وَلِسَاناً وَشَفَتَيْنِ)(البلد8-9) تا دوایی...، ئەوانە هەمووی دەرگەکانی ئایاتی قیڕائەن، بەڵام گرنگە مرۆڤ خۆی بڕوا بەخۆی بێنێت کە کردەییانە پێداویستی چییە و تا چەندە پێویستی بە خودای

خالقیەتی؟ بپرسێت من تا چەندە پێویستم بەخودای هەیە؟ یان پێویستم بەو ئاوەی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ئاوە (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَوْراً فَمَن يَأْتِيكُم بِمَاء مَّعِينٍ)(الملك30) ئەگەر ئەو ئاوەی کردە خوێیەکی سوێر(مِلْحٌ أُجَاج) چیمان لێ دێت؟ لەسەردەمی موسا(علیه السلام) نەتەوەی فیرعەون ئاو لەنێو دەستیان بووبە خوێن (تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ)(الإسراء101) یەك لەوئایەتانە خوێن بوو، مەبەستمان لەمە چییە؟ بەهۆی ئایەتەکانی من بزانم پێویستم بە خودای خالق چییە؟ زۆرجار ئێمە خودامان بزرکردووە، دەزانین خودا لە کوێیە، و کلیلی زانینەکەشمان لەنێو دەستە، بەڵام ناچیینە خزمەتی! ئەگەرچی خودا لە هەموو شتێك گرنگترە، بەڵام گرنگی خودای هەست پێ ناکەین، پایەی پێویست لۆ خودای دانانێین! هەروەها پایەی پێویست لۆ پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) دانانێین! بە هەمان شێوە پایە لۆ قورئانەکەشی دانانێین! ئێمە ئەو کێشانەمان هەیە.

## ئایا قیرائەکردن مرۆڤ دەگەیەنێتە دانایی؟

ئێمە هەموو ساتێك قیرائە دەکەین، بەڵام قیرائەکەمان نامانگەیەنێتە خودای ڕەحمان، بمانەوێت و نەمانەوێت قیرائەکەمان لۆ خۆمانە، کاتێك کەسێك بیەوێت کارێك ئەنجام بدات، هەنگاو دەنێت لۆ جێبەجێکردنی، و دەرچوونی لە شوێنێك، لۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ساکارە، هەڵدەستی بە ئەنجامدانی قیرائەکردن، کەوا چۆن بڕۆیت؟ واتە هەر کارێك دەتەوێت بیکەیت لە ژیانی ڕۆژانەت، ئەوا بەهۆی قیرائەکردنتەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەیت، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەمە قیرائەکردنێکی بەردەوامە بەڵام هەرەمەکی، ئینجا ئەگەرهاتوو ڕەهەندی زانستی دابەزێنیتە سەر ئەو قیرائەیە، ئەوا لە ماوەیەکی کەم مرۆڤەکە دەبێتە زانا، دانایان نابن بە دانا ئەگەر بە قیرائە نەبێت، لەبەرئەوەیە بە کەسێکی زۆردانا و عاقڵیان گووت: چۆن گەیشتیە ئەو ئاستەت؟ لە وەڵامدا گووتی هاوڕێیەکی شێتم هەبوو، بە قیرائەکردنی هەڵسوکەوتەکانی ئەو شێتەی وای لێکردووە کردەییانە بچێتە نێو قوڵایی ئەو هەڵسوکەوتانەوە، قیرائەی کردووە و ڕاهێنانی لەسەر کردووە و بووەتە کەسێکی دانا، لەبەرئەوەیە ئێمە هەموو ژیانمان قیرائەیە، ئافرەت کاتێك لەبەردەم ئاوێنە دەوەستێت گونجان دەخاتە نێوان ئەو سەرپۆشە و نێوان (حجاب)ەکەی و نێوان گۆرەوییەکەی و نێوان (پایەداربن) پێڵاوەکەیەوە، و نێوان جانتایەکەی، ئەمانە هەمووی قیرائەکردنە، ئینجا ئەگەر ئەمەی لۆ خودای ڕەحمان بێت، ئەوا خودای بەهۆیەوە دەناسایت، یان دەیەوێت جلێکی ڕەنگ سوور بکڕێت، لۆ زانین ڕەنگی سوور (300) هەزار جۆری هەیە، ئەوە قیرائەکردنە، دەپرسێت کێ خاوەنی ئەو ڕەنگانەیە؟ الله(جل جلاله)، تەنیا لە ڕەنگی سوور چاوی مرۆڤ دەتوانێت (300,000) هەزار جۆر لەیەکتر جیا بکاتەوە، دەبێ ئەوە چ جۆرە خالیقێکە دروستی کردووە! جوانی ئەو ڕەنگە کێ خاوەنیەتی؟ ناشیرینی لەلای خودای ڕەحمان نییە، و لە مەخلوقاتی خوداش ناشیرینی نییە، ئەوە بینینی ئێمەیە لۆ ناشیرینی، ئێمەین شتەکان بەم شێوەیە دەبینین، و دەڵێین ئەو جوانە و ئەوەی دیکەیان ناشیرینە! ژیشك یان(ژوشك) کاتێك دەست لە پێستەکەی دەدەین، دڕکە، بەڵام دایکی خۆی دەستی لێ بدات چی دەڵێت؟ بێگومان دەڵێت وای چەندە نەرمە!

## زەمینەی هزر و بیرمان چۆن داڕێژراوە هەڵەیە یان ڕاستە؟

پرسیار: ئەو مەخلوقانەی دەوروبەرمان کە ڕۆژانە بەکاریدێنین، لە خواردن و...تد کە بەکارمان هێنا دەبێ خودامان بێنێتەوە یاد، ئەمە لەدوای قیرائەکردن، بەڵام هەوا هەموو چرکە ساتێك لە نێویدا دەژین ، جا دەکرێ بە تەنیا ئەو هەوایە قیرائە بکەین تا خودامان بێنێتەوە یاد؟

وەڵام: کێشەکە لەمەیە ئەو زانیارییانەی کە درواتە ئێمە لە قوتابخانە و لە ڕاگەیاندنەکان یان لە هاوڕێیان، یان لە شەقام و...تد، هەموو ئەو زانیارییانە شێوێندراوە، لەبەرچی دەڵێین زانیارییەکە و شێوندراوە؟ چونکە هەموو زانیارییەکان کە باس دەکرێت بکەر و ئەو کەسەی پێی هەڵساوە (فاعل)ەکەی نەناسراوە! دەڵێن تیشکی خۆر لە دەریا دەدات و ئاوەکەی دەبێتە هەڵم، و دەچێتە ئاسمان، و هەوایەکی ساردی بەردەکەوێت، دەچێتە شوێنێك و دێتە خوارەوە و دەبێتە باران، کێ وا دەکات؟ نەناسراوە. ئەو بارانە لەسەر چیا دەبێتە بەفر، لەسەر دەشتایش دەبێتە کانیاو و ئاوی ژێرزەوی و بیر، نە باسی بەهاناهاتن (الغيث)ی تێدایە و نە باسی بارانی هەیە و نەباسی ئاو، ئێمە زەمینەمان بە لاری بۆ دانراوە، بە (الوجودية) و بە داروینیزم، بە ئاوی (الوجودية) و داروینیزم فیطرەمان شێلدراوە! دەبێ ئەو کاروبارانە پێداچوونەوەی لۆ بکەین، لەبەرئەوەیە کەسەکان شوێنی هەوا نابینن لەلای خودای! و لە لە قورئان نایبینی! چاویلکە بۆ چاوەکان دانراوە و هیدفۆن بۆ گوێچکەکان دانراون، لەبەرئەوەیە قیرائەکردن بە چاوی زیندەزانی نییە، لەبەرئەوەیە ئێمە تاکو ئێستا لەگەڵ خودای بەم جۆرە مامەڵە دەکەین، تا دەگە بەو ئاستەی دەفەرمووێ: (وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ)(الأنعام91) ئەوە ئەنجامەکەیەتی تا دەگاتە (إِنْ هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ)(النمل68)، ئەو بینین و تێڕوانینەی کە هەیە جۆرە تاریکاییەك و تارماییێك لە پێش چاومان دروست کراوە.

## بە چ چاوێك بڕوانیتە کەسی رسول الله(عليه السلام و البركات) هەر بەم جۆرە دەیبنیت

## لەبەرئەوەیە دەبێت تێڕوانینت دروست بێت

هەر ئەوە دەبێتە کێشە لەبەردەم هیدایەت و نەبوونی هیدایەت، لەبەرچی ئەبوبەکر بوو بە ئیمانداری پلە یەك؟ و لەبەرچی ئەبولەهەب ئەگەرچی مامی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بوو کەچی بوو بە کافری پلە یەك؟ یەکەمیان بە چاوی پێغەمبەرایەتی(النبوة) تەماشای دەکرد، ئەوی دووەمیان بە چاوی محمد بن عبدالله بن أبي كبشة (وەك گووتەی دووڕوان و کافران) تەماشای دەکرد! کەواتە دەبێ تێڕوانینەکە بگۆڕین واتە بەرلەوەی هەڵسین سەیری ئاو و هەوا بکەین دەبێ تێڕوانینمان بگۆڕین.

## دۆزینەوەی ئەو ئامێرانەی بە بەخشش خودای ڕەحمان

## لە ناوەوەی مرۆڤەکانی داناوەو بە ئیشخستنی

لە نێو فیطرەمان الله(جل جلاله) هەیە، لە نێو دەروونمان الله(جل جلاله) هەیە، لە نێو دڵمان الله(جل جلاله) هەیە، بەڵام بوونی الله(جل جلاله)لە لامان خەوێنراوە، هەرئەوەیە ئەگەر قیرائە بکرێت ئەو الله(جل جلاله) کە پێویستە وەکو (ذكر)کردن لەناو ناوەوەت هەبێت خودای ڕەحمان زیندووی دەکاتەوە، ئامێری تایبەتی لۆ (ذكر) لە ناو ناوەوەی مرۆڤ دانراوە، کە دەفەرموێت: (رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ)(النور37) لە بنەڕەتدا و کردەییانە بەم شێوەیە، ئاگای لێ نییە ئەویش هەر (ذكر) دەکات، بەڵام شوێنەواری ئەو (ذكر)ەی هەیە، لۆ نموونە کە بابەتەکە دێتە سەر حەڵاڵ و حەڕام، و بابەتەکە دێتە سەر تەقواکردن، ڕاستەوخۆ ئەو (ذكره) ئیش دەکات، بەبیری کەسەکە دێنێتەوە بەوەی ڕابوەستێت و تەماشای خۆی بکات، لە ژوورەوە ئامێرەکە بەردەوام ئیشی خۆی دەکات، بڕوابکەن ئامێری دیکە هەیە لۆ قورئان خوێندن، زۆرجار گووتوومانە قورئان لەنێو فیطرەمان هەیە، ڕادەوەستیت و تەماشای دەکەی بەردەوامە لە خوێندنەکەی، وەکو ئامێرێکی سەربەخۆ، وەك ئەوەی پاتری خۆی هەبێت خۆراکی پێ ببخەشێت، هیدفۆنی خۆی هەیە بەردەوام لە ئیشکردنە، (ذكر الله)ش بەم

شێوەیە، (ذکر أسماء الله) بەم شێوەیە، ئەمانە هەمووی ئامێرن و لەناو ناوەوەی مرۆڤ، بەڵام نەدۆزراونەتەوە، لەوانەیە لەدوای چەند سەد ساڵێکی دیکە زانایان بیدۆزنەوە، هەرکاتێك مرۆڤەکە بکەوێتە سەر خەتەکەی خۆی ئەوانە بە ئیش دەکەون.